# فتوای کۆنەپەرستانی ئیسلامی ،بۆ تیرۆر کردن و دەستگیرکردنی ((مەریوان هەڵەبجەی))شەرمەزارییە" بۆ ی.ن.ک



ڕێبین فاروق
reben_faruq@yahoo.com

لەسەر نوسینی کتێبی"سێکس و شەرع و ژن لەمێژووی ئیسلامدا" گروپە تیرۆرستە ئیسلامییەکانی کوردستان ، کەمپینێکی بەرفراوانی کۆنەپەرستانە و ئیهانە کردن و سوکایەتی کردنیان لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا بەرێخست ، لەدژی مەریوان هەڵەبجەی و لەدژی ئازادی ڕادەربڕین ، بۆیە هەرکەسێکی ڕادیکاڵ و هەردەنگێکی هۆشیاری ، ڕەخنە لە نەزانی وخورافە و کۆنەپەرستی و فەساد و ئەتک کردن و تیرۆرو کوشتوبڕی بگرێ ، یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و جوندالئیسلام تێکڕای گروپە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان ، تەواو تورە و بێتاقەت دەبن ، کەڕوی ڕاستەقینەیان بەرامبەر بەخەڵکی ئاشکرا دەبێت ، تەنانەت فتوای تیرۆر وکوشتن و تۆقانی هەرکەس و لایەنێک دەردەکەن ،کەڕووی ڕاستەقینەی پیاوانی ئاینی و پەیامبەری ئیسلام ئاشکرا بکات .

مەریوان هەڵەبجەیی هاتووە "بەقەدەر تۆزێک" ڕوویی ڕاستەقیینە و پیشەوکاری پیاوانی ئاینی و پەیامبەرانی خودای ناساندووە ، کەچی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا کە پڕوو پاگەندە بۆ ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین و بیرو بۆچونی جیاواز و هتد...... دەکات بەخەڵکی کوردستان و ڕایگشتی دەڵێت " تاکەکانی کۆمەڵگا لەسایەی حکومەتی هەرێمدا پارێزراوە .

ئەوەتا ئەوە بۆ چەند هەفتە دەچێت لە هەموو نوێژێکی "جمعە" دا لەزوربەی زۆری مزگەوتەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانیدا " هێرش دەکرێتە سەر مەریوان هەڵەبجەیی و ئازادی ڕادەربڕین و فتوای تیرۆر و دەسگیرکردنی دەدەن ، بۆیە جارێکی تر گروپە ئیسلامییەکان بۆ تەواوی خەڵکی کوردستانیان سەلماند ، کە مزگەوتەکان جێگای فتوادانی تیرۆر و تەقاندنەوە و خورافە بڵاوکردنەوە و نەزانی و سەرکوتی ئازادی ڕادەربڕین و هتد...... وە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش بۆ ڕای گشتی

سەلماند  هێزێک نییە داکۆکی لە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی سیاس و ڕادیکاڵی بکات ، بەڵکو بە پێچەوانەوە " هاوپەیمانە لەگەڵ هێزە کۆنەپەرەستەکانی کۆمەڵگای عێراق و تەواوی هێزە کۆنەپەرەستەکانی جیهان .

وەبەڕۆشنی ئەم بێدەنگییەی یەکێتی نیشتیمانی  بێ حیکمەت نییە و ئەم بێدەنگی و بێ هەڵوێستییە  لەسەدا سەد پەیوەندی بە  دۆستە ئیسلامییەکانیانەوە هەیە  ،  بۆئەوەی  کە بەقەولی خۆیان دەڵێن " دڵی برا ئیسلامییە شیعەکانیان لێ عاجز نەبێت و دڵی جمهوری ئیسلامیان لێ نەڕنجێ  ، بۆ ئەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان گوێ ڕایەڵی خۆی بۆ جمهوری ئیسلامی و تەواوی هێزە کۆنەپەرەستەکان بسەلمێنێ ، دەبێ ئازادی تەواو بە برا ئیسلامییەکانیان بدەن  و  دەستیان والآ بکەن  و  ئەگەر کرا چەندمانگ جارێکیش شمشێری باش هەدێ بکەن بە برا ئیسلامییەکانیان ، بۆ سەربڕین و سک هەڵدڕینی خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان ، وەهەر دەنگێکی ڕادیکاڵی و مەدەنی لە کوردستاندا هەبێ بە پشتیوانی دۆستە کۆنەپەرەستەکانی  یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەبێ سەرکوت بکرێت  ، وە من دەمەوێت شتێک بە خوێنەران بڵێم " یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەموو مێژوی پڕە لە سەرکوت و دەست بەسەراهێنانی گروپە ئیسلامییەکان و بەردەوام مەرامە گلآوەکانی کۆنەپەرەستی ئیسلامی جێ بەجێ دەکەن ، وە داخستنی ڕۆژنامەی بۆپێشەوەو  ڕادیۆی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و داخستنی بنکەو بارەگاکانی ئەو حیزبە و وە لەبەرامبەر هەموو کارو فەعالیاتی کۆمۆنیستەکاندا " تاکە ڕێگرە لەپێشی پێشەوە بو سەرکوتی ئەم بزوتنەوەیە ،  وە چەندین ڕۆژنامەی ڕادیکاڵ  لەژێر دەسەڵآتی بزوتنەوە کوردییەکاندا دادەخرێت و چەندین ڕۆشنبیر و کەسی مەدەنی قاچاخ  دەکرێت و لە سای یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا هێرش بۆ سەرخۆپیشاندان و بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان دەکرێت و بە ئاگر و تفەنگ وەڵآمیان پێدەدرێتەوە ، وە لەسایەی دەسەڵآتی بزوتنەوەی کوردیدا ، دەستی چەندین مەلاو بزوتنەوەی کۆنەپەرەستی ئیسلامی و چەندین سوپای سەرکوتگەر و هێزە تاریک ڕەشەکانی جیهان دەگرن و دەیهێنن بۆ کوردستان و ڕێگا بۆ چەندین بزوتنەوەی تیرۆرستی خۆش دەکەن بۆ دەرکردنی فتوای قۆڕی تیرۆرزمی ئیسلامی ، وە باشترین نمونەی نوێش ئەوەیە کە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردودا بزوتنەوە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵآتی بزوتنەوەی کوردیدا ، بۆ هاتنەوە ناوەوەی ساحەی سیاسیان چەندین کەمپینیان لە مزگەوتەکان و لە ناو خەڵک و لە شەقامەکاندا بەڕێ خست لەدژی پشکەوتن خوازانی کۆمەڵگای کوردستان و لە ڕادیۆی تیرۆرستی یەکگرتوی ئیسلامی و لە چەندین میمبەرەوە فتوای تیرۆر و دەسگیرکردنی مەریوان

هەڵەبجەییان دەرکرد ، یەکێتی نیشتیمانی بە تەواوی توانایەوە پشگیری ئەم کەمپینە سەرکوتگەرییەی کرد و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی نارد بۆ حیمایەکردنی ئەو مزاهەرە و ناڕەزایەتییەی تیرۆرستانی ئیسلامی ، ئازادی بێ سنوری بۆ هەموو ئەو هێزە تیرۆرستیانە هەیەو وە هەر دەنگێکی ڕادیکاڵ و ئینسانیش لەکۆمەڵگاوە بێت لەسایەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردیدا دەخنکێت و لە بەین دەبرێت .

بۆیە دەبێ خەڵکی ئازادی خوازوو ڕۆشنبیرانی ئەم کۆمەڵگایە ؛ ژیرانە ڕوو بەڕووی ئەم هێزە کۆنەپەرەستانە ببنەوە ، بەرەی ئازادیخوازو ڕۆشنبیرانی ئەم کۆمەڵگایە ، کۆمۆنیتەکان --- بە هەر شێوەیە دەتوانن بێنە مەیدان بۆ لەناو بردن و دەمکوتکردنی کۆنەپەرەستی ئیسلامی و ڕووخساری ڕاستەقینەیان بەباشی بە خەڵکی بناسێنن ، بۆیە دەبێت بەتەواوی توانامانەوە پشتیوانی مەریوان هەڵەبجەی بکەین بۆ ئەوەی زیاتر ڕوخساری بۆگەنانەی تیرۆریزمی ئیسلامی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بناسێنێت .

ئازادیخوازان ، ڕۆشنبیران ، کۆمۆنیستەکان --- ئیسلامی ئیسلامی لەژێر هەر ناوێکدا بێت ، پیشەو کاریان یەکە و بەتەواوی توانایانەوە هەوڵ دەدەن هێندەی تر جێ پێی خۆیان بچەقێنن ، بۆیە بێدەنگی بەرەی ڕادیکاڵیزم و ڕۆشنبیرانی ئەم کۆمەڵگایە ، هێندەی تر دەستی ئەم جرۆجانەوەر و وەحشیانەی کۆنەپەرەستی ئیسلامی واڵا دەکات ، یەکێتی و یەک ڕیزی ئێمە ، یەکێتی و یەک ڕیزی بەرەی چەپ و کۆمۆنیست ، ئیسلامی سیاسی قاچاخ دەکات و لەناویان دەبات ، پشتیوانی ئێمە لە مەریوان هەڵەبجەی، پشتیوانیە لە ئازادی ڕادەربڕین ، پشتیوانی ئێمە لە مەریوان هەڵەبجەی هێندەی تر پیشەو قێزەونی و ڕووخساری ڕاستە قینەی پەیامبەرانی خوادا و کۆنەپەرەستی ئاشکرا دەکات ...